

# نوژدار: هەڵبژاردنی گۆرانی ئەمان دکتۆر بە ڕێکەوت بوو

**نوژدار محەمەد تاهیر یەکێکە لە هونەرمەندە لاو و سەرکەوتووەکانی دەڤەری دهۆك و بەو هونەرە رەسەن و پێشکەوتووخوازەی کە پێشکەشی دەکات خزمەتێکی دیاری بە هونەری کوردی گەیاندووە لە هەمان کاتتدا توانیویەتی جەماوەرێکی زۆر بۆ خۆی پەیدا بکات، بەم دواییەش گۆرانییەکی هونەرمەندی مەزن (حەسەن زیرەك) ی بەشێوازێکی نوێ و مۆدێرن دابەش و پێشکەش کردوە کە بە یەکێك لە گۆرانییە سەرکەوتووەکانی دادەنرێت. نوژدار لە پێوەندییەکدا بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

*** با لە گۆرانی (ئەمان دکتۆر)ەوە دەست پێبکەین، هەڵبژاردنی ئەم گۆرانییە چۆن بوو؟**

- ئەوەی راستی بێت بە رێکەوت بوو، شەوێکیان هۆزانڤان هەوار بەدرخان ئاکرەیی میوانم بوو، لەخۆیەوە ئەو گۆرانییەی دەوت کە گوێم لێبوو زۆر بە دڵم بوو و وتم: دووبارە بیڵێ ئەوە بوو چەندین جار پێم دووبارە کردەوە، لەکۆتاییدا پێم وت ئەو گۆرانییەم بۆ بێنە کاری لەسەر دەکەم، چونکە زۆر خۆشە دوای ماوەیەك کارمان لەسەر کرد، کۆپلەی سێیەمی گۆرانییەکەش هەوار خۆی زیادی کردووە و هونەرمەندی نەمر حەسەن زیرەك تەنیا دوو کۆپلەی وتووە دواتریش لە شاری ئیستانبول تۆمارمان کرد.

*** پێشتر نیازی ئەوەت هەبوو بە زاراوەی سۆرانی گۆرانییەك بڵێی؟**

- نەك تەنیا نیازم بوو، بەڵکو زۆریش بە دوای گۆرانییەکی فۆلکلۆریدا دەگەڕام بۆ ئەوەی بە جۆرێك پێشکەشی بکەم کە رەسەنایەتی خۆی لە دەست نەدات و سوپاس بۆ خوا سەرکەوتوو بووم، جگە لەم گۆرانییە گۆرانی (چاوکاڵ)یشم لەم بەرهەمە نوێیەدا هەیە کە تێکستی هەوار بەدرخانە.

*** بۆچی ساڵانە بەرهەمی نوێت نییە؟**

- لەوانەیە حەزم کرد بێت بەر لە ئێستا گۆرانییەك یان بەرهەمێك دابەزێنم، بەڵام لە بەرهەمەوە دوور بووە، چونکە بەرهەمێکی هونەری بیرکردنەوەیەکی زۆری دەوێ لە هەمان کاتدا هەڵبژاردنی بۆ نموونە (١٠) گۆرانی سەرکەوتوو زۆر زەحمەتە بتوانی خەڵك رازی بکەی، هەروەها من هەمیشە سیاسەتی چۆنایەتی پەیڕەو دەکەم نەك چەندایەتی، هونەرمەند لە ساڵێکدا کلیپێکی هەبێت باشترە لە سیدییەکی بێسەرووبەر و سەنگێکی ئەوتۆی نەبێت شایەنی باسکردن بێت، ئەو کەسە هونەرمەندە کە شتێك پێشکەش بە خەڵك بکات کە تێنوویەتی بشکێنێت نەك ساڵانە بەرهەمێك بڵاو بکاتەوە.

*** ئەم شێوازە بۆ هەموو هونەرمەندان وایە؟**

- نەخێر هەر هونەرمەندێك بەشێوەیەکی تایبەت بیر دەکاتەوە، هەیە دەیەوێ تەنیا لەسەر شاشە دەرکەوێت و شاشە پڕ بکاتەوە، من حەز دەکەم هەر کارێك پێشکەش بکەم جیاواز بێت، با ساڵانە تەنیا یەك گۆرانیشم هەبێت، بەڵام دەنگ و سەدای ئەو گۆرانییە ساڵێك بەردەوام بێت، نەك ١٠-١٢ گۆرانی پێشکەش بکەم و تەمەنیان مانگێك بێت و خۆتان دەزانن ئێستا خەڵك هەموو شتێکی پێ قبوڵ نییە و کاری باش و خراپ جیا دەکاتەوە.

*** سەرەڕای بوونی موزیکژەن و دابەشکاری بە توانا، بەڵام وەك تێبینی دەکرێ زۆربەی هونەرمەندانی دەڤەری بادینان پشت بە خۆیان دەبەستن لە ئاوازەکانیان، هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- لێرە دەمەوێ باسی ئەلبوومەکەی خۆم بکەم کە گشت ئاوازەکانی خۆمە، زۆر جاری تریش ئەم قسەیەم کردووە (ئەگەر مرۆڤ بۆ خۆی بەرگدروو بێت، دەزانێت چ جلوبەرگێك بۆ خۆی بدوورێت) ئاوازدانانیش بۆ هونەرمەند بە هەمان شێوەیە، لە دهۆك ئاوازدانەری زۆر بە توانامان هەیە لەگەڵ رێزم بۆیان، بەڵام ئاوازی هیچیانم بەکار نەهێنا، چونکە دەزانم مەودای دەنگم چەندە و لە چ مەقامێکدا سەرکەوتوو دەبم و دەزانم ئەوەی مەبەستمە بیگەیەنم بەچ رێگە و شێوازێك دەیگەیەنم، پێویستە ئاوازدانەر شارەزا بێت لە مەقامات و زانستی مۆسیقا، زۆر جار حەزم کردووە ئاوازی کەسانی تر بەکاربهێنم، بەڵام ئەو ئاوازەم نەدۆزیوەتەوە کە لەگەڵمدا بگونجێت، ئەگەر شتێکم دۆزییەوە گونجاو بێت، ئەوکات ئاساییە بەکاری دەهێنم، وەك چۆن من ئاوازم بۆ زۆر کەس داناوە.

*** بە ئەکادیمی بوونی مۆسیقا لەم بوارەدا چ رۆڵێکی هەیە؟**

- بێگومان رۆڵی هەیە، سەبارەت بە ئەکادیمی بوونی مۆسیقا لە شاری دهۆك دەتوانم بڵێم دوای دامەزراندنی پەیمانگای هونەرە جوانەکان گۆرانی و مۆسیقا لەم شارە پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە و کادرێکی زۆری هونەری پێگەیاندووە، زۆر هونەرمەندیش لەو پەیمانگایە دەرکەوتوون ناوبانگیان دەرکردووە، هەروەها ئێستا لە هەموو بوارەکانی ژیاندا خەڵك رووەو ئەکادیمیەت هەنگاو دەنێت بەجۆرێك خەڵك پێیوایە هیچ شتێك بەبێ زانست کامڵ نییە، بۆ نموونە کەسێك خوا بەهرەی دەنگخۆشی پێداوە ئەگەر بەشێوەیەکی زانستی ئەو بەهرەیە بەکار نەهێنێت، هەرچەند پێشبکەوێت ناتوانێ سوودی لێ وەربگرێت و دووبارە دەگەڕێتەوە خاڵی یەکەم، بەڵام ئەگەر بەشێوەیەکی ئەکادیمی بێتە نێو بوارەکە ئەوا قۆناغ بە قۆناغ پێش دەکەوێت تا دەگاتە لوتکە، بۆیە هونەر ئەگەر بەشێوەیەکی ئەکادیمی بێت، ئەوا تەمەنی ئەو هونەرە درێژتر

دەبێت، بەپێچەوانەوە هەر گۆرانییەك بێ زانست بێت بێ بناغەیەكی پتەوە و تەمەنی كورت دەبێت، لێرەوە دەتوانم بڵێم پێشكەوتنی هونەر لە دەڤەری بادینان هۆكارەكەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە هەندێك لە لاوەكانمان گرنگی بەو بوارە دەدەن.

*** لە كۆتایی نەوەدەكانی سەدەی رابردوو نەوەیەكی هونەرمەندان لە دەڤەری بادینان لە دایكبوون ئەگەر بۆشاییەكی هونەری هەبوبێت پڕیان كردەوە، پێتوایە نەوەی داهاتووی هونەرمەندان دەتوانن ئەو بۆشاییەی كە دروست دەبێت وەك پێویست پڕ بكەنەوە؟**

- وەك چۆن ئێمە پەیامی هونەریمان لە هونەرمەدانی پێش خۆمان بە ئەمانەتەوە وەرگرت و گەیاند، هیوادارم نەوەی دوای ئێمەش دێن بە هەمان شێوە ئەو ئەركە بە ئەمانەتەوە وەربگرن و ئەم پەیامە بە پیرۆزی بە خەڵكی بگەیەنن، بەڵام ناتوانم پێشبینی ئەوە بكەم كە پەیامەكە وەك خۆی دەگات، چونكە ژیان هەمیشە لە وەرچەرخاندایە و لەوانەیە هەندێكیان بێنە پێشەوە باشتر لە ئێمە پەیامەكە بگەیەنن.

***لە زۆربەی وڵاتان فیستیڤاڵی هونەری ئەنجام دەدرێت، ئەنجامدانی ئەم جۆرە فیستیڤاڵانە لە كوردستان تا چەند گرنگە؟**

- بێگومان سازدانی فیستیڤاڵی هونەری زۆر گرنگە بۆ ئەوەی بتوانین هونەری خۆمان نیشانی جیهان بدەین، بەڵام بەداخەوە ئێمە هۆكارەكانی ئەنجامدانی فیستیڤاڵمان نییە، بۆ نموونە ئێمە لە شاری دهۆك هۆڵێكمان نییە شوێنی دە هەزار كەسی هەبێت بۆ سازكردنی فیستیڤاڵی هونەری، بۆیە بەر لە سازدانی فیستیڤاڵ پێویستە هۆكارە پێویستەكانمان هەبێت، بەشێوەیەكی گشتی سازكردنی فیستیڤاڵ زۆر گرنگە.

***لە زۆربەی وڵاتان هونەر بووەتە بازرگانی، ئایا ئێمە لە كوردستان هەنگاوی لەو جۆرەمان بڕیوە كە هونەرمەند بتوانێت بە هونەرەكەی بژێوی ژیانی پەیدا بكات؟**

- دەتوانم بڵێم هەنگاوی لەو جۆرە نراوە كە هونەر ببێتە هۆكاری پەیداكردنی بژێوی ژیانی هونەرمەند، بەڵام نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی هونەر هونەرمەند بەخێو بكات، واتە دەبێتە هۆی بەڕێوەبردنی هەندێك لە كارەكانی.

***هەندێك كەس پێیانوایە ناكرێ هونەرمەند لە هەر شوێن و كاتێك گۆرانی بڵێت وەك ئاهەنگی تایبەت، رای تۆ سەبارەت بەمە چییە؟**

- منیش لەگەڵ ئەو رایەم كە نابێ هونەرمەند لە هەموو شوێنێك گۆرانی بڵێ، چونكە هەر هونەرمەندێك شوێن و سەنگی خۆی هەیە، رێزم هەیە بۆ ئەو هونەرمەندانەی لە زەماوەندەكان گۆرانی دەڵێن، چونكە ئەم دیاردەیە لە هەموو شوێنێك هەیە، هەروەها هونەرمەند هەن كە سیدی بڵاو دەكەنەوە و بەشێوەیەكی ئەكادیمی گۆرانی دەڵێن بەجۆرێك كە مرۆڤ شانازییان پێوە دەكات و دەتوانێت بە خەڵكێكی بناسێنێت و پێیان بڵێت كە ئەمەش هونەری ئێمەیە لەبەر ئەوەی بەشی زۆریان لەسەر بنەمایەكی زانستی كاری هونەری دەكەن، چونكە مۆسیقا زمانە و هونەرمەندی میللی رەنگە بە شێوەیەكی زانستی نەزانێت مۆسیقا چییە و ئەوەی گرنگە بەلایەوە تەنیا وتنی گۆرانییەكەیە و ئەگەر كەسێك لە دەرەوە بێت، لەبەر ئەوەی لە زمانی مۆسیقا و نۆتە شارەزایی نییە نازانێت دەربارەی زانستی مۆسیقا گفتوگۆی لەگەڵدا بكات، سەبارەت بە وتنی گۆرانی لە هەر شوێنێك پێویستە ئەم دیاردەیەش هەبێت، چونكە هەر شوێنێك هونەرمەندی خۆی دەوێ، هونەرمەندی میللی، زەماوەند، كۆنسێرت هەیە، هەروەها كەسانێكی نا هونەرمەندیش هەن كە تەنیا گۆرانی دەڵێن، لە هەمان كاتدا كەسانی هونەرمەند هەن كە بە راستی هونەرمەندن.




*** كەواتە پێویستە هەر هونەرمەندێك سەنگ و پێگەی خۆی بزانێت؟**

- بەڵێ ئەمە راستە هەرچەندە لەوانەیە ئەو كەسە چەند بوارێك تاقی بكاتەوە، و لە كۆتاییدا دەزانێت سەنگی خۆی چەندە و ئیعتیرافیش بەمە دەكات و دەزانێت لە چ جۆر و ستایلێكی گۆرانی وتندا سەركەوتووە لەسەری بڕوات.

*** ئێستا چی نوێت هەیە؟**

-ئێستا لە قۆناغی كۆكردنەوە و هەڵبژاردنی چەند تێكستێكم كە نزیكەی ١٠ تێكست دەبێت و بە هیچ شێوەیەك ئاوازم بۆیان دانەناوە، چونكە هەڵبژاردنی گۆرانییەكە خۆی كارێكی ئاسان نییە و تا ئێستا نزیكەی پێنج گۆرانیم هەڵبژاردووە و بە نیازم لە بەرهەمی داهاتووشدا گۆرانی بەشێوەزاری سۆرانی بڵێم.

# زانکۆی هارڤاردی ئەمەریکی ڕێز لە بەهمەن قوبادی دەگرێت



زانکۆی هارڤارد لە بۆستۆنی ئەمەریکا بە نمایشی ٥ فیلمی سینەمایی لە بەهمەن قوبادی، لە بەرنامەیەکی بیرئانیندا ڕێزی تایبەت لەم سینەماکارە کوردە دەگرێت.

ڕێکخراوەی «ئەرشیفی فیلمی هاروارد» سەر بە زانکۆی هارڤارد لە شاری بۆستۆن پێتەختی ویلایەتی ماساچۆسێتی ئەمەریکا، بە نمایشی ٥ فیلمی سینەمایی لە بەهمەن قوبادی لە بەرنامەیەکی بیرئانیندا ڕێز لەم سینەماکارە کورد دەگرێت.

لەم بیرئانینەدا کە لە لایەن ڕێکخراوەی «ئەرشیفی فیلمی هاروارد» Harward Film Archive لە زانکۆی هارڤارد بەڕێوەدەچێت، فیلمی سینەمایی «گۆرانییەکانی وڵاتی دایکم» و فیلمی سینەمایی «کیسەڵەکانیش دەفڕن» لە ڕۆژی ١٥ی ئەپریل، فیلمی «کەس لە پشیلە ئێرانییەکان خەبەری نییە» لە ڕۆژی ١٦ی ئەپریل، فیلمی سینەمایی «کاتێك بۆ مەستی ئەسپەکان» لە ڕۆژی ١٧ی ئەپریل و هەروەها فیلمی سینەمایی «نیوە مانگ» لە ڕۆژی ١٨ی ئەپریل نمایش دەکرێت.

«ئەرشیفی فیلمی هاروارد» HFA کۆمەڵەیەکە کە هەوڵدەدات، بە بانگهێشتکردن لە سینەماکارە گەورەکان لە سەرتاسەری دنیا و بەڕێوەبردنی دانیشتنی و ئاخاوتن سەبارەت بە بەرهەمی ئەم سینەماکارانە، دانووستان لە نێوان ئەوان و قوتابیان، مامۆستایانی زانکۆ و فێرخوازانی هونەر پێکبێنێت و هەروەها ڕێزیان لێبگرێت، بەهمەن قوبادیش لە ڕێوڕەسمی ڕێزلێنانەی زانکۆی هارڤارددا ئامادەدەبێت.



# ئان: تۆبە جارێکی تر ئۆسکار پێشکەش بکەم

ئەستێرەی هۆلیۆد ئان هاساوای ڕایگەیاند بیر لەوە ناکاتەوە جارێکی تر بەشداری لە پێشکەشکردنی ئاهەنگی ئۆسکار بکاتەوە.

هاساوای ئاماژەی بەو کاردانەوانە کرد کە لە دوای ئاهەنگەکە دەربارەی هەبوون و وایان لێکرد هەست بە بێزاری بکات، هەرچەندە بە قسەی خۆی پێشکەشکردنی ئاهەنگەکە شان بە شانی ئەستێرەی سینەمایی جیمس فرانکۆ تاموچێژێکی تایبەتی هەبوو، بەڵام ڕەخنەگران زۆر توند بوون بەرامبەری و پێیانوابوو ئێمە خراپترین ئاهەنگی ئۆسکارمان لە مێژوودا پێشکشە کرد، لەلایەکی تر کاردانەوەی هەندێك لە لایەنگرانی هاساوای وایکرد هەندێك هێور ببێتەوە و لەڕووی دەروونییەوە ئارام ببێتەوە و لەم بارەیەوە وتی: هەندێك کەس هەبوون هانیان داین و پێیان ڕاگەیاندین کە پێشکەشکردنی ئاهەنگەکە زۆر باش بوو، بۆیە منیش لێرەوە سوپاسیان دەکەم.



# شیریهان خۆی بە یە ملیۆن دۆلار نافرۆشێت

خانمە ئەکتەری میسری شیریهان ئەو هەواڵانەی ڕەت کردەوە گوایە بە نیازە چیرۆکی ژیانی خۆی بە بڕی یەك ملیۆن دۆلار بفرۆشێت.

لەم بارەیەوە شیریهان بە ماڵپەری( mbc.net)ی ڕاگەیاند کەوا چیرۆکی ژیانی خۆی بە بڕی یەك ملیۆن دۆلار نەفرۆشتووە بۆ ئەوەی بکرێتە زنجیرەیەکی تەلەفزیۆنی، چونکە تەنیا خۆی خاوەنی ئەم چیرۆکە و رازیشە بەوەی خوای گەورە بۆی داناوە، سەبارەت بە بەشداریکردنی خۆی و (لوئلوئە)ی کچی لە خۆنیشاندانەکانی میسریش وتی: نامەوێ زۆر باسی ئەم مەسەلەیە بکەم، چونکە تەنیا من و کچەکەم لەوێ نەبووین، بەڵکو بە سەدان دایك و کچی تر بەشدار بوون لەم ڕووداوە مێژووییە.

# ئەنجلینا کتوپڕانە سەردانی پەنابەرە لیبییەکانی کرد



بە شێوەیەکی کتوپڕ و بێ ئاگادار کردنەوە، ئەنجلینا جولیی ئەستێرەی سینەمایی و باڵیۆزی نیاز پاکی کۆمسیۆنی باڵای کاروباری پەنابەران سەردانی خێوەنگایەکی ئاوارەکانی سەر سنووری نێوان لیبیا و تونسی کرد.

هەر بە گەیشتنی ئەنجلینا کە لەلایەن پۆلیسی تونسییەوە پاسەوانی دەکرا، پەنابەران کە لە رەگەزە جیاوازەکان بوون بەخێرهاتن و سوپاسی ئەنجلینایان کرد بۆ ئەو سەردانە، لەم سەردانەیدا ئەنجلینا لەگەڵ سەرپەرشتیارانی خیوەتگای شووشە باسی لە بارودۆخی پەنابەران کرد و هیوای خواست لە زووترین کاتدا ئەم کێشەیە کۆتایی پێ بێت و مەترسی لەسەر ژیانی پەنابەران نەمێنێت.

# عایشە بە دوای هاوسەرێکدا دەگەڕێت



کچە ئەکتەری تورکی (جانسۆ دیریە) کە رۆڵی (عایشە) دەبینێت لە زنجیرەی تورکی (ئیزەل) رەتیکردەوە کە پێوەندی خۆشەویستی لەگەڵ (کینان ئەمر ئەزلی)ی پاڵەوانی زنجیرەکە هەبێت و وتی: ئەو تەنیا هاوڕێیەکی منە و هیچی تر.

بەڵام جانسۆ لە دیمانەیەکدا نەیشاردەوە کە بە دوای هاوسەرێکدا دەگەڕێت کە لێکگەیشتن لەنێونیاندا هەبێت، لە درێژەی قسەکانیدا جانسۆ دەڵێ: من ئێستا هیچ پێوەندییەکی خۆشەویستیم نییە و پێشتریش شووم نەکردووە و پێموایە خۆشەویستی سەرەڕای ئەوەی کامەرانی بە مرۆڤ دەبەخشێت، بەڵام دوور نییە هەر خۆشەویستیش ببێتە هۆی نەهامەتی و بێزاری، بۆیە من دەمەوێ لە پێوەندییەکی خۆشەویستی راستەقینەدا بژیم، چونکە ئێمەی ئەکتەر لە زۆربەی کارەکانماندا رۆڵی خۆشەویستی بەرجەستە دەکەین و زۆر جاریش هیوای ئەوە بۆ خۆمان دەخوازین ئەو هەستەی بۆ کەسی بەرامبەرمان دەری دەبڕین ببێتە شتێکی راستەقینە نەك تەنیا لە کارە هونەرییەکاندا.

دەربارەی (کینان)یش وتی: کینان گەنجێکی قۆزە و وەك هاوڕێیەك خۆشمدەوێت نەك زیاتر و پێموایە ئەو پڕوپاگەندانەی کە کراون تەنیا پێوەندییان بە زنجیرەکەوە هەیە.

# هەڵسەنگاندنی گوڵان بۆ کارە هونەرییەکانی لەیلا فەریقی

ئا: ڕۆشنە عومەر



بۆ ئەم ژمارەیە لە بابەتی هەڵسەنگاندنی کارە هونەرییەکان بەباشمان زانی خانمە هونەرمەند لەیلافەریقی بخەینە تەرازووی هەڵسەنگاندنی کەسانێك کە شارەزان لە بواری گۆرانی و موزیك و بەشێکی تەمەنی خۆیان لەم بوارەدا بەسەربردووە، ئێمە بەو پەڕی ئازادییەوە راو بۆچوون و تێبینییەکانی ئەم بەڕێزانە وەك خۆیان دەخەینە روو، هیواداریین توانیبێتمان لەم رووەوە خزمەتێك بە هونەری کوردی و خودی ئەو هونەرمەندە بکەین کە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکەین.

## چاوەڕوانی خوێندنی دەنگێکی ئۆپێراليمان لێدەکرد

هونەرمەند فەرهەنگ غەفور سەبارەت بە کارەکانی هونەرمەند لەیلافەریقی وتی: (لەیلا فەریقی ) کە دەتوانم بڵێم ئەو خاتوونە توانیویەتی لە ئەزموونی رەسەنایەتی دەربچێ و هەڵگری پەیامەکانی (مریەم خان) و (ئایشەشان) و (نەسرین شێروان) بێ، هەروەها لە دەریا پان و بەرینەکەی (رەزازی)دا مەلە بکات و وەك ژنە لاوێك هەوڵبدات جوانیەکانی قورگی ئافرەتی کورد بە مرۆڤایەتی بناسێنێ، دەتوانم بڵێم (فەریقی ) سەرەتایەکی جوان و پڕ میهرەبانی بوو، هەروەها زەنگێکی رووناك بوو بۆ ئافرەتی کورد کە قۆڵ و قامکەکانی خۆیان هەڵماڵن لە کۆت و کایەی کۆمەڵگەی داخراودا بێنە مەیدانی هونەر و گۆرانی، هەروەها داکۆکیکارێکی بەهێز بن لە رۆڵ و بزاڤی ژنانی کورد، هەر لەو مینبەرەوەش توانی بەردەوامی بە کارەکانی خۆی بدات، حزوری خۆی هەبێ لە زۆرێك لە کۆنسێرت و ئاهەنگ و کلیپ و گۆرانی دەنگ و رەنگ، ئەویش لە چینە دەنگیەکانی ئافرەتان (ئالقو) کە چینە دەنگێکی ئافرەتانە و هەندێ جارانیش لە چینە دەنگیەکانی (پیاوان) یش بە لاسایی کرنەوەی هونەرمەندی گەورەی کورد (تاهیر تۆفیق) بێتە مەیدان، ئەوەشیان رەنگە زیاتر ئەو سەروەریە بۆ خانەوادەی (رەزازی ) دەگەڕێتەوە کە هەڵقولاوی باخچەکانی (مشکۆ و سێوە و سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی )یە، توانی بە شێوازێکی جوان کارە هونەریەکان ئەدا و بەرجەستە بکات، بە تایبەتی ئەگەر هەڵەم نەکردبێ یەکەمین کەس بوو بەم ستایلە جوانە لە کوردستانی عێراق، کە مەقامی کوردی بە دەنگی ئافرەتان بڵێتەوە، ئەویش یەکێك لە شاکارەکانی (قەلبی منی ) تایەر تۆفیقی نەمر بوو، ئەگەر چی ئەفسوس ئەو دەنگە نەیتوانی وەك دەنگێکی ئۆپێرالی زانستی گەشەی پێبکات، بەڵام وەك ناوێك لە ناوەکانی ئافرەتان مانەوەی هەبوو، من سەیرم بەوە دێت دەنگێکی وەك فەریقی وەك خەرمانێکی لەبن نەهاتووی کەشکۆڵی گۆرانی و موزیکی کوردی، بۆچی دەبێ بەرەو کزی و کوژانەوە بچێ؟ چونکە من پێموایە ئەو هەلەی کە بۆ (لەیلا فەریقی ) هاتە پێش، رەنگە بۆ دەنگبێژێکی تری ئافرەتی کورد نەهاتبێتە پێش بەوەی کە لەیلا خان لە دەرەوەی وڵات بوو چاوەڕوانی خوێندنی دەنگێکی ئۆپێراليمان لێدەکرد، خۆزیا ئێستاش لەیلا خان بتوانی ئەو خەونەمان بێنێتە دی بەوەی کە بتوانێ لە ئاییندەیەکی نزیك ببێتە خودان بڕوانامەی (دەنگی ) ئەکادیمی و زانستی و بۆیر لە مەیدانی گۆرانی و ئاوازی کوردیدا، بەتایبەت ئەو دەنگانەی وەك (فەریقی ) چاوەڕوانی زۆر لەوە زیاتری لێدەکرێ، دەخوازم لەیلاخان ببێتە هاندەرێکی زانستی گۆرانی و دەنگی بەهرەمەندی ئافرەتان لەوێوە وانە دەنگیە جوانەکانی ئافرەتی کورد بڵێتەوە بۆ ئەوەی لە ئاییندەیەکی نزیك پێشبڕکێی تواناسازی دەنگەواری گێژان بێ و بەهرە و دەنگی ئافرەتی کورد بە هەموو دنیا بناسێنێ.

### خۆزگە لەیلا فەریقی لەسەر ستایلە کۆنەکەی خۆی مابایەوە

بژار دیلانی هونەرمەند لە هەڵسەنگاندنی تایبەتی خۆیدا دەربارەی لەیلا فەریقی دەڵێ «من لەسەرەتای دەست پێکردن بەکاری هونەری کارم لەگەڵی کردووە، لەیلا فەریقی یەکێکە لەو هونەرمەندە سەرکەوتووانەی کە بەدەنگی خۆی گۆرانی دەڵێت، ئەمە زۆر گرنگە، بەڵام خۆزگە لەیلا فەریقی لەسەر ستایلە کۆنەکەی خۆی مابایەوە، چونکە ستایلێکی کوردانەی بەکاردەهێنا خۆی دەنگێکی کوردانەی هەیە با میوزیك و ئاوازەکانی پێشکەوتووتر کردبا نەك ئاوازی تورکی و عەرەبی بەکارهێنابا. من خۆم یەکێکم لەو کەسانەی کەدەنگی لەیلا فەریقم زۆر بەلاوە خۆشە.

### بەشێك لەکارەکانی موڵکی کوردانەی پێوە دیار بوو

خانمە هونەرمەندی خاوەن ئەزموون و شارەزا لە گۆرانی شەهێن تاڵەبانی دەربارەی کارەکانی لەیلا فەریقی دەڵێت «لەیلا دەنگێکی زۆر خۆشی هەیە، بەشێك لەکارەکانی زۆر جوان بوون، بەڵام بەشێکی دوور بوو لەستایلی کوردی، حەزم دەکرد وەك سەرەتا چۆن دەستی بەکاری هونەری کرد هەر لەسەر ئەم ستایلە ڕۆیشتبا، چونکە ئەوکات ستایلی کوردیانەی بەکار دەهێنا.

### یەکێکە لەو ئافرەتە سەرکەوتووانەی توانی خۆی لەقەرەی مەقام بدات

هونەرمەند هەڵبەست سەڵاح شارەزا لەبواری گۆرانی و موزیك دەڵێت «لەیلا یەکێکە لەو هونەرمەندە ئافرەتانەی توانیویەتی لەڕووی ئەداو بوێری گۆرانی وتن ڕێچکەیەکی تایبەت بەخۆی دابنێت و توانیویەتی زۆر بەسەرکەوتووانە لەسەر ستایلی خۆی گۆرانی بڵێت بەتایبەت لەسەر شانۆ و ستۆدیۆ زۆر بەجوانی ئەو میلۆدی و ئاوازانە دەڵێت. هەر هونەرمەندێکیش ئازادە بەچ شێوەیەك گۆرانی دەڵێت، بەڵام بە بۆچوونی من ئەو ستایلانەی لەسیاچەمانەو هەروەها زیندوم کەوە کە بورهان موفتی کاری بۆ کرد، ئەمانە یەکێك بوون لە هەرە کارە سەرکەوتووەکانی لەیلا. هەروەها ئەو ئافرەتە توانیویەتی زۆر سەرکەوتووانە خۆی لەقەرەی مەقام بدات، لەراستی لەکوردستان ئەم جۆرە ئافرەتانە کەمن.

### لەیلا توانی بەهۆی ئەلبوومی یەکەم و دووەم ئاستی بەرزی خۆی سەلماند

هونەرمەند بورهان موفتی زادە شارەزا لەبواری ئاوازدانانەوە دەڵێت «هیچ گومانێك لەوەدا نییە لەیلا هونەرمەندێکی بەتوانایە. لەیلا دوو قۆناغی هونەری تێپەڕکردووە، یەکێکی لەسەرەتای دەستپێکردنی کارە هونەرییەکانی بوو کە هاتە ئەوروپا، ئەو کات لە تەلەڤزیۆنە کوردیەکان بەتایبەت لەمیدیا تیڤی ئەوەی سەلماند کە هونەرمەندێکی بەتوانایە. ئەو کارانەی کە لەئەوروپا ئەنجامی دا لەسیدی یەکەم و دووەم ئاستی بەرزی خۆی سەلماند و لەم دوو ئەلبوومە لەقۆناغی دووەم گەڕایەوە کوردستان و ئەلبومی سێیەمی ئەنجامدا زۆر قسە لەسەر ئەلبوومی سێیەمی ناکەم، چونکە خەڵك زۆر قسەی لەسەر کردووە، بەڵام دەتوانم بڵێم لەدوو بەرهەمی یەکەم و دووەم زیاتر سەرکەوتنی بەدەست هێنا، لەبەرهەمی دووەمی حەوت تراك هی من بوو. ئێستاش نازانم بەرنامەی چییە، بەڵام هیوادارم لە کارەکانی سەرکەوتوو بێت، ماوەیەکە بێدەنگە نازانم هۆکارەکەی چییە، هیوادارم بەزووترین کات دەست بەکارەکانی خۆی بکاتەوە».

### بەم دواییانە تێکستەکانی زیاتر لەقسەی ئاسایی ڕۆژانە دەچێت

تێکستنووس و شاعیر ڕێدار سابیر دەڵێت «بەڕای من یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە توانی لەماوەیەکی کەمدا هونەرێکی جوان پێشکەش بکات، یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کەخاوەن دەنگێکی بەرزە، ئەو دەتوانێت لەقوڵایی دەنگیەوە هەستی شاعیرانە دەرببڕێت. بۆیە هەمیشە بەهەڵچوونەوە گۆرانی دەڵێت کە هێوریش دەبێتەوە هەموو هەستەکانی خۆشمان هێور دەکاتەوە، یەکێکە لەو هونەرمەندانەی بەهەڵبوون و دامرکانەوە گۆرانی دەڵێت، ئەمەش یەکێکە لەسیفەتە باشەکانی هونەرمەند، چونکە خاوەن دەنگێکی خاو و بێزار کەر نییە، بەڵام هەندێك جار زیاد لەپێویست دەنگی خۆی بەرز دەکاتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەو هەڵچوون و داچوونەی دەنگی چێژێکی خۆشمان پێدەبەخشێت، چونکە دەنگی سروشتی خۆیەتی. پێویستە سایکۆلۆژی شاعیری خۆی ئاوێتەی یەکتر بکات، بۆئەوەی جوانتر ئەداکە پێشکەش بکاتن. ماوەیەك تێکستەکانی هەڵیدەبژارد پڕ ماناو بەچێژ بوون، بەڵام بەم دواییانە تێکستەکانی زیاتر لەقسەی ئاسایی ڕۆژانە دەچێت. لەکلیپەکانی نمایشێکی جوان دەکاتن کە تەعبیر لەگۆرانییەکە دەکات و حاڵەتی تێکستەکە نیشان دەدات، بەڵام پێویستە لەکاتی کلیپەکانی ڕای و خۆی شاعیرەکەی لەگەڵ دەرهێنەرەکە یەك بێت بۆئەوەی زیاتر سەرکەوتوو بێت، چونکە کلیپ نمایشکردنی دەقە شیعرەکەیە.

